www.kurdistannet.org
22:04 15-6-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەنجێکی شاری سلێمانی، ئەگەر کابینەی پێنجەم بەڵێنەکانی جێبەجی نەکرد. یان دەبێت کاربەدەستانی حکومەت چۆڵی بکەن یان ئێمە نیشتمانێکی تر دەدۆزینەوە ... ئا:ئاسۆ



شەری ناوخۆ جگە لەزیان ومالۆیرانی هیچ بەرهەمێکی تری نەبوو، دوو ئیدارەیی نەک تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆ بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش رەخنەی توندی ئاراستەکرا و جێگەی نیگەرانی دۆستەکانی کورد بوو، بەپێچەوانەشەوە. دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەردەوام هەولیانداوە کورد مالی پەرتەوازە بێت و بەدوو ئیدارەیی بمێنێتەوە. خۆشبەختانە هەردوو پارتی دەسەلاتداری کوردستان بریاری تێکەڵکردنەوەی ئیدارەکانیان راگەیاند ئەمەش جێگەی خۆشحالی بوو بۆ خەڵکی کوردستان بەلام پرسیار و نیگەرانی و دوودلی زۆرە لەسەر میکانیزمی ئەم یەکگرتنەوەیە، چونکە خەڵکی کوردستان ئەزموونیان هەبوو لەسەر سیاسەتی پەنجا بەپەنجا کە دەرەنجامەکەی شەری ناوخۆ و دوو ئیدارەیی بوو، هاوکاتیش خەڵک چاوەروانی ئەوەن کابینەی پێنجەم بایەخ بەژیانی هاولاتیان بدات.

سەربەست کەمال- خوێندکاری ئامادەیی وتی: پێش هەر شتێك داواکارم لەحکومەتی هەرێم کە بایەخ بە گەنجان بدات و ژیانیان بەرەو پێش بەرێت.

فایەق محەمەد وتی: ئەوەی گرنگە ئەم حکومەتە بیکات چارەسەرکردنی کێشەی کارەبایە لەوەتی حکومەتی بەعس لەکوردستان نەماوە نە ئاو نەکارەبا و نەرێگاوبان بایەخیان پێنەدراوە هیواداریین حکومەت ئەم کێشانە چارەسەربکات.

سەبیحەخان کە فەرمانبەرە وتی: خوازیارم حکومەتی تازە چارەسەری کێشەی نیشتەجی بوون بکات بەخوا ئێستا ئەوەی کرێچی بێت ژیانی نییە.

هیوا جەمال خوێندکاری زانکۆ دەڵی: ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت حکومەت چ کارێك بکات من دەڵێم کابینەکانی پێشوو هیچیان نەکردووە دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکات چونکە دنیایەك کێشەی کەڵەکەبوو هەیە هەر لەنەبوونی خزمەتگوزارییەوە تا سیستەمی پەروەردە.

هەندرێن رەسول: ئەگەر پرسیار لەمن دەکەی حکومەتی نوی چۆن کاربکات من دەمەوێت بڵێم حکومەت یانی هەرچی کارە دەبێت بیکات، من وەرزشەوانم تا ئێستا وەرزش بایەخی پێنەدراوە ئەمەیەك، دووهەم بایەخ نەدراوە بەژیانی گەنج، ئاخر گەنجێك چەندین ساڵ دەخوێنی 100 هەزار دیناری چاپی نوی وەردەگرێت، کە بەشی هیچ ناکات.

شیلان سدیق وتی: تارادەیەك خۆشحالم بەپێکهێنانی ئەم حکومەتە بەلام داواکارم بایەخی تەواوبدات بەژیانی هاولاتیان، بەراستی پارتی و یەکێتی ستەمێکی زۆریان لەخەڵك کردووە، بایەخدان بەژنان و منالان و گەنجان و بوارە خزمەتگوزارییەکان زۆر گرنگە.

ئامانج ئەحمەد دەڵی: من وەك کەسێك قسەدەکەم کە لە بواری رۆژنامەوانیدا کاردەکەم، جاری پێش هەموو کارێك دەبێت حکومەت گەندەڵی کەمبکاتەوە، بەراستی تا سنوورێك بۆ گەندەڵی دانەنرێت هەر قسەیەك یان هەر بەڵێنێك کە دەدرێت جی بەجی ناکرێت و زیادەیە.

ئەرکی حکومەت دوای چارەسەرکردنی گەندەڵی، دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاولاتیانە، دەبێت حکومەت بەپلان کارەکانی ئەنجام بدات.

عادل حسێن: ئەگەر ئەم حكومەتە وەك ئەوانیتر بێت ئەوە هەر لەئێستاوە ئەلفاتیحە.

-وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا خەڵكی چاوەڕوانی زۆری لەم كابینە تازە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك تووشی نیگەرانی و ڕەشبینی بوون لەئەزموونەكانی رابردوو.

لەمەراسیمی سوێندخواردنی وەزیرەكانی كابینەی نوی، سەرۆكی حكومەتی كوردستان چەندین بەڵێنی داو كۆی وەزیرەكان سوێندیان خوارد لەخزمەتی گەلدابن و بەرژەوەندییەكانی بپارێزن پرسیارەكە ئەوەیە تاچەند خەڵك متمانەیان هەیە بەجی بەجێكردنی ئەو بەڵێنانە؟

ڕۆشنا حەمید-فەرمانبەر وتی: زۆر كەم باوەرم بەو بەڵێنانە هەیە دڵنیاشم لە 10% ئەو بەڵێنانە جی بەجی ناكرێت لەبەرئەوەی حكومەت هەر فیفتی بەفیفتییەكی جارانە.

چێنەر عەلی: ئەگەر 5% ئەو بەڵێنانە جیبەجی بكرێت من شوكرم پێی.

كوردۆ مەهدی وتی: بەشێك لەبەڵێنەكان جی بەجی دەكرێن بەڵام هەمووی نا.

ئەوین سەلاح وتی: بەس چارەسەری كێشەی كارەبا بكەن من هیچی ترم ناوێت.

سەناریا محسین خوێندكار: بەشێكی جی بەجی دەكرێت نەك هەمووی، خۆت دەزانی كوردستان لەوەتەی هەیە كاول دەكرێت خۆ بەسالێك و چەند سالی هەموو شتێك ناكرێت.

حاجی سدیق دەڵی: بەڵی ئەی چۆن، ئەگەر ئیش بۆ خەڵك نەكەن خۆیان زەرەر دەكەن.

ئاسۆ عومەر وتی: تەقریبەن بەشێكی جیبەجی دەكری، بەڵام دەبێت حكومەت یان بەڵێن نەدات یان ئەو بەڵێنەی دەیدات جی بەجێی بكات، ئێستا دەبی چاوەروان بین هێشتا ئەم حكومەتە تازەیەو ماوەی مانگێك دەبێت پێكهاتووە.

-لەنێوەندەمانی راگەیاندن و لەسەر شەقام و لەهەموو كۆڕو كۆبوونەوەكاندا باس لەوە دەكرێت ئەگەر ئەم حكومەتە بەئەركی خۆی هەڵنەستا وەك ساڵی 1992 حكومەت بوو بەجێگەی ململانێی نێوان دووپارتە دەسەڵاتدارەكە و حكومەت خرایە خزمەت حیزب دەبێت جەماوەری خەڵك لەوكاتەدا چ هەڵوێستێك وەربگرن؟

فایەق محەمەد: ئەگەر وەك جاران بكەن بەبۆچوونی من دەبێت وەك هەڵەبجەو كەلار بكەین.

سەبیحەخان: جا ئەگەر وابكەن دەبێت واز لە حكومەت بهێنن و بۆ خەڵكی تری بەجی بهێڵن.

هیوا جەمال: من هیچ رێگا چارەیەك بەدیناكەم جگە لەوەی سەری خۆم هەڵگرم و ئەم وڵاتە بەجی بهێڵم.

هەندرێن رەسوڵ: ئەگەر كێشەكان دووبارە بوونەوە دەبێت خەڵكی كوردستان بگەنە ئەو رایەی ریزەكانی پارتی و یەكێتی چۆڵ بكەن و بەدیلێكی تر هەڵبژێرین ئەگەر ئەو بەدیلە ئیسلامییەكانیش بن.

شیلان سدیق: لەو باوەرەدانیم دووبارە ببنەوە، پشت بەخوا حكومەتەكەمان سەركەوتوو دەبێت.

ئامانج ئەحمەد: رێپێوان و خۆپیشاندانی بەردەوام و نەپساوە باشترین رێگایە.

عادل حسێن: ئەگەر حكومەت بەدەستی حیزبەوە بی و پارتی و یەكێتی بەسیاسەتی ساڵی 1992 ئیش بكەن بەدەستی خۆیان مەرگی خۆیان رادەگەیەنن.

ڕۆشنا حەمید وتی: دڵنیام وەك جاران دەكەن و رای گشتی و راگەیاندنیش وەك هەموو جارەكان هەر بەشانو باڵیاندا هەڵدەدەن چونكە رێگا چارەی دیكە نییە.

چێنەر عەلی: یان ئەوان دەبێت چۆڵی بكەن یان ئێمە نیشتمانێكی تر دەدۆزینەوە.

ئەوین سەلاح: لەهەڵبژاردنێكی تردا دەنگیان پی نادەین و رۆژی هەڵبژاردن هەموو بەیەك هەڵوێست لەماڵ نایەینە دەرەوە.

كوردۆ مەهدی: باشترین رێگە ئەوەیە بەرەو هەندەران هەڵبێین.

سەناریا محسین: ئەو پرسیارە لەكات و ساتی خۆیدا وەڵامی دەدرێتەوە.

حاجی سدیق: هەموو کورد زەرەر دەکات و حەیامان دەچێت لەهەموو جیهاندا.

ئاسۆ عومەر: ئەگەر ئەو سیاسەتە پەیرەو بکەن دەبێت بزانن ئەوە سیاسەتی خودکوژیی و دەرمانخوارد کردنی خودی خۆیانەو لەناوبردنی هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد و سەرگەردان کردنی خولیای لاوانە.